مەسرور بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی سویسرا لە عێراق و ئوردن "ئەمیلیا جەرجیڤا" کۆبوونەوە

سەرۆکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی سویسرا لە عێراق و ئوردن "ئەمیلیا جەرجیڤا" کۆبوونەوە، و لە میانەی کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتەکانی بارودۆخی گشتی عێراق و ناوچەکە و پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیان تاوتوێ کرد.

لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بڵاوکراوەتەوە هاتووە، هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگی ڕەزگرتن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێم کردەتەوە، هەروەها تیشک خرا سەر بارودۆخی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و پێویستی دروستکردنی مەرجی گونجاو بە گەڕانەوەی خەبەخشانەیان بە ماڵەکانیان.